12 birura@hawlati.com بیروڕا هاوڵاتی ژمارە 342 چوارشەممە 1/ 8/ 2007

# پیاوسالاری: دەسەڵات، قوربانی

بەشی سێیەم و کۆتایی

**نەزەند بەگیخانی**

کۆمەڵگەی ئێمە وەکو زیندان وایە؛ هەروەکو چۆن لە زیندان کۆمەڵێ چەمکی وەکو دیسپلین و چاودێری و سزا هەیە، لە کۆمەڵگەی ئێمەش کۆمەڵێ چەمکی وەکو شەرم و حەیا و نامووس و رامکردن و سزا هەیە. ئەو چەمکانە لە دەرەوەی راگەیاندن و گوتار دروست نەبوون، بەڵکو لە پەیوەندی درکاندن و گوێگرتندا هاتوونەتە بەرهەم. ژن لێرەدا وەکو زیندانییەکە کە رام کراوە و بەردەوام لەژێر چاودێری و پشکنیندایە. بەشی هەرە سەرەکیی ژن کە لە ژێر چاودێری و پشکنیندایە و مۆڵگەی سزایە، سێکچوالیتێی ژنە

دەسەڵات، هەروەکو لە بەشی یەکەمی ئەم باسە ئاماژەمان بۆ کرد، پەیوەندیدارە و دەشێ لە ناو دەزگا و پەیڕەو و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان لە لایەن خەڵکەوە بەرهەم بێت و پیادە بکرێت[i]. ئەوەی ئەو دەسەڵاتە بە تاک و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان دەبەخشێ، زانینە، واتە تێگەییشتن بۆ دیاردە و شتەکان کە لە ڕێگای زمان و گوتارەوە دەگاتە ئەوانیدیکە و دەسەڵات پەیدا دەکات و پیادە دەکرێت.

لەم بەشەدا بە پشبەستن بە تیۆری میشێل فۆکۆ لە مەڕ دەسەڵات، زانین، گوتار ,هەوڵ دەدەم گرنگی شکانی بێدەنگی وهاتنەگۆ لە دژی توندوتیژیی دژ بە ژن و نادادوەرییەکانی کۆمەڵگە وەکو ئامرازێک بۆ بەرگریکردن و بەدەستهێنانی دەسەڵات بخەمە روو.

دەسەڵات بە بێ زانین مەحاڵە: فوکۆ دەڵێ "تێگەییشتنی مرۆڤ بۆ دیاردە و شتەکان لە ناو گوتاردایە". گوتاریش لەیەک کات وەکو ئامرازێک بەکاردەهێنرێت بۆ بەهێزکردنی دەسەڵات و دەتوانێ ببێتە رێگریش لەبەردەم دەسەڵاتدار. گوتارێکی مەوزوعی دژ بە گوتاری پیاوانەی دەسەلاتدار لەناو دامەزراو و کانگا کۆمەڵایەتییەکان و لە لایەن ژنانی چالاک و بیرمەندەوە دەتوانێ دەسەڵاتی پاتریارکی (پیاوسالاری) بخاتە ژێر پرسیارەوە و ببێتە خاڵی بەرگری و دەسپێک بۆ دارِشتنی ستراتیژییەتێکی کاریگەر و ئۆپۆزیسیۆنی. ئەو گوتارە ئۆپۆزیسیۆنە پێویستە سەر بە تێگەییشتنێکی قووڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت بەرەو زانینێک کە نەک هەر ئەزموونی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئافرەت، بەڵکو خوێندنەوە و لێکدانەوەی ژن بۆ ئەو ئەزموونە بگرێتە خۆی، زانین دەسەڵات دروست دەکات و دەیگوازێتەوە و دەیگەیەنێ و بەهێزی دەکات، بەڵام لە هەمان کاتیش هەڵیدەوەشێنێتەوە و دەتوانێ

بیوەستێنێ.

پیاوان تێگەیشتنی خۆیان بۆ کۆمەڵگە و پەیوەندییەکان لە ناو گوتارێکدا جێگیر کردووە کە بەرژەوەندیی خۆیان وەکو پیاوسالار بەرجەستە دەکات. واتە، گوتاری پیاوانە گوزارە لە پۆزیسیۆنی دەسەڵاتدار و بەرژەوەندییەکانیان دەکات و هیچ حساب بۆ پۆزیسیۆنی ژن و نایەکسانی و نادادوەری کۆمەڵایەتی ناکات. بە "زانین" ژن هەلی بۆ دەرەخسێ کە گوتارێکی رەخنەگرانە و مەوزوعی دابرێژێت و کاربکاتە سەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو گوتارە زاڵە پیاوسالارییە کە وەکو "راستیی گەردوونی" خۆی سەپاندووە و کۆمەڵگەش کاری پێدەکات. ئەو رەوتە دەسەڵات دەدات بە ژن و لە پۆزیسیۆنی "پاسیڤ" و گوێگر و دابڕاوەوە دەیکات بە قسەکەر و بکەر و ئاکتیڤ.

دەسەڵات لە رێگای گوتارەوە پیادە دەکرێت: بۆ ئەوەی زانین بگاتە خەڵک دەبێ دەربېرێت و لە رێگای گوتارەوە بگوازرێتەوە بۆ ئەوانیدیکە. بە هاتنەگۆی ژن و داڕشتنی گوتارێکی فێمینستانە کە ئەزموونی ژن و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیی تێدا رەنگبداتەوە، ژن دەتوانێ ئەو رژێمە سیاسی و ئابوورییە پیاوسالاریانە بگۆڕێت کە نۆرمەکان بەرهەم دێنن و وەکو "راستی" لەناو جەماوەر دەیسەپێنن. گوتاری فێمینیستی دەبێ پێ لەسەر ئەوە دابگرێت کە رۆڵە کۆمەڵایەتیەکانی ژن و پیاو لە سروشتەوە نەهاتوون، بەڵکو بەرهەمی گوتاری پیاوانەن کە لەسەر بنچینەی رۆڵە بایۆلۆژییەکان، نەک رۆڵی ئابووری داڕێژراون.

لە پراکتیکدا، ژن دەبێ دەسەڵاتی ئەو دکتۆرە بدات بەخۆی کە لە بوارەکەی خۆیدا دەردی نەخۆشێک دەستنیشان دەکات و چارەسەری بۆ دیاریدەکات، ئەمەش لە رێگای زانینەوە ئەنجام دەدات. ئەگەر لە گوتاری زاڵدا ئافرەت وەکو "لاواز" و "بێدەسەڵات" ناسێنرابێ، یا لە تاوانەکانی ناموسپەرستیدا ژنی کوژراو و ئەتککراو وەکو "تاوانبار" و "بەدرەوشت" و "ناتەواو" وێناکرابێ و ئەو وێناکردنەش لە خەیاڵی گشتیشدا وەکو "راستی" قبوڵ کرابێ، ئەوە دەبێ گوتاری فێمینیستانە ئەو فیکرە بەتاڵ کاتەوە لە مانا و رەهەندەکانی: ئەو کە دێتە گۆ واقعێکی نادروست پیشان دەدات، واقعێکی نەخۆش کە بە رووالەت دروستە، بێدەنگی ئەوانە دەشکێنێ کە بێدەنگ کراون و لە پۆزیسیۆنی "لاوازی" و "قوربانی" و "بەدڕەوشتی" دەریاندەهێنێ. هەروەها رەفتاری ئەو پیاوانەش دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە بەناوی ناموس و کولتورەوە تاوان دەکەن و کۆمەڵگەش بە بەرپرسیار دەزانێ لە بێدەنگی و شەرعیەتدان بە تاوانەکانیان. واتە گوتاری فێمینستانە دەبێ بۆچوونەکان راست بکاتەوە و نۆرمەکان بگۆڕێت و ئافرەتە "قوربانییەکانیش" لە رێگای خۆدەربڕینەوە ئاشنا بکاتەوە بە جەستە و واقع: ئەو دەبێ بڵێ ژن لاواز نیە، بەڵکو لاواز کراوە؛ دەبێ بڵێ کوشتنی ناموسپەرستی تاوانە و نابێ شایانی لێبنرێ و تاوانبارەکانیش قاتیلن و دەبێ بدرێنە دادگا، دادگایەکی بێلایەن.

گوتاری پیاوان گوتارێکی گەردوونی نیە: واقعی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی ژەندەر لە کۆمەڵگەی ئێمە، واتە "ژێر دەستەیی ژن و سەرداریەتی پیاو" نەبوونەتە شوێنی پرسیار و لێکۆڵینەوە؛ دابەشبوون لە نێوان بواری تایبەتی و گشتیدا کە ژنی دابڕاندووە لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و مەدەنی و ژن و پیاوی غەریب و نامۆکردووە بە یەکتری، ژن بە ژنە و خەتەکردن و فرەژنی و گەورە بە بچووکی و کوشتنی ناموسپەرستی نەبوونەتە کێشە لە لای پیاو کورد، تەنانەت لەلای "رۆشنبیرانیش". ئەمانە قبوڵکراون و دەنگی نارەزاییش لە بەرامبەریان زۆر کزە.

لەم رووەوە، پیاوان، بە "رۆشنبیر" و نارۆشنبیرەوە لە بواری ناوماڵ و گشتیدا سیاسەتی دەسەڵاتدار، سیاسەتی دەوڵەت بەرهەم دێننەوە، ئەوان لە بازنەی یەک گوتاردا دەخولێنەوە کە وەکو "راستیی رەها" و گەردوونی قبوڵکراوە، دیالۆگ قبوڵ ناکات و پەیوەندییە پاتریارکییەکان بەرهەم دێنێتەوە. گوتاری فێمینستی دەبێ ئەو سیستەمی فیکرەی پیاو بخاتە ژێر پرسیارەوە، کۆمەڵگە بەئاگا بێنێتەوە لەوەی کە گوتاری پیاو گەردوونی نیە و ناتوانێ گوزارە لە ئەزموون و روانگەی ژن بۆ واقع بکات. بۆیە چ وەکو زانستێکی کۆمەڵایەتی و چ وەکو سیستەمێکی فیکری، دەبێ بەرێژەیی سەیر بکرێ و بخوێندرێتەوە.

بۆ نمونە: گوتاری باو لەمەڕ کوشتنی ناموسپەرستی لە کوردستان ئەوەیە کە "ئەو ژنانەی دەکوژرێن هەڵەیان کردووە و بەو هەڵەیەش شەرەفی خێزان و بنەماڵەیان لەکەدار کردووە. کردەی کوشتن بۆ پاککردنەوە ئەو عارەیە و تاوان نیە". ژنانی بیرمەند و چالاک دەبێ ئەو گوتارە بخەنە ژێر پرسیارەوە و بەتاڵی بکەنەوە لە مانا و رەهەندەکانی: چەمکی هەڵە لێرەدا چی دەگەیەنێ؟ شەرەف چیە و بۆ دەبێ شەرەفی پیاو و بنەماڵە لە سێکچوالیتێی ژندا مۆڵگە بگرێ؟ ئەو ئەخلاقییەتەی ئەو ژنانەی پێ سزا دەدرێت چیە و شەرعیەت لە چی وەردەگرێ؟ گریمان ئەو کچە پەردەی کچێنی دڕابوو یا لە دەرەوەی زەواج سکی پڕبوو، ئایا ئەمە ئەوە دێنی مرۆڤی لەسەر بکوژرێ؟ مەفهومی پەردەی کچێنی چیە؟ ئەی ئەگەر ئەو کچە تەعەدای جنسی لێکرابێ لە لایەن برا، باوک، پوورزا یا ئامۆزا (کە زۆرجار لە ناو خودی خێزانی داخراو روودەدات) ئایا بکەری ئەم "هەڵە و بەدڕەوشتییە" کێیە؟ کردنی ئەم پرسیارانە و وەلامدانەوەیان بە شێوەیەکی مەوزوعی لەسەر بنچینەی تێگەییشتن و فاکتەکان دەبێتە هۆی بەرێژەییکردنی گوتاری پیاو و بەتاڵکردنەوەی لە مەفهومی "گەردوونی و راستیی رەها".

دیسپلین و سزادان: کۆمەڵگەی ئێمە وەکو زیندان وایە؛ هەروەکو چۆن لە زیندان کۆمەڵێ چەمکی وەکو دیسپلین و چاودێری و سزا هەیە، لە کۆمەڵگەی ئێمەش کۆمەڵێ چەمکی وەکو شەرم و حەیا و ناموس و رامکردن و سزا هەیە. ئەو چەمکانە لە دەرەوەی راگەیاندن و گوتار دروست نەبوون، بەڵکو لە پەیوەندی درکاندن و گوێگرتندا هاتوونەتە بەرهەم. ژن لێرەدا وەکو زیندانییەکە کە رام کراوە و بەردەوام لەژێر چاودێری و پشکنیندایە. بەشی هەرە سەرەکی ژن کە لە ژێر چاودێری و پشکنیندایە و مۆڵگەی سزایە، سێکچوالیتێی ژنە. لە خەیاڵی گشتیی کوردیدا جەستە و سیکچوالیتی ژن موڵکی ژن خۆی نیە، بەڵکو موڵکی کۆمەڵگەیە بۆ زاووزێ و نەوە نانەوە بەکاردەهێنرێ، بۆیە دەبێ کۆنترۆڵ بکرێ. مەترسی لێرەدا ئەوە نیە کە دام و دەزگای دەوڵەت و دەسەڵاتدار ئەو کۆنترۆڵ و پشکنینە ئەنجام بدات، بەڵکو لەوەدایە کە کۆمەڵگە پێی هەڵدەستێ؛ واتە تاکەکانی ناو کۆمەڵگە دەبن بە پۆلیس بە سەر یەکتریەوە. هەر لەسەر بنچینەی ئەو بنیاتنانەش (construction) سێکچوالیتێ ئاراستە دەکرێ و جووڵە و رەهەندەکانی دیاری دەکرێت. لەم واقعەدا، کاتێ کە پاسەوان "کۆمەڵگەی پۆلیس" هەستی کرد ژن "زیندانی" هەڵەی کردووە، ئەوە سزای دەدات. کوشتنی دوعا لە بەعشیقە نمونەیەکی زیندووی ئەو بارودۆخەیە. لەناو ئەو کۆمەڵگانە هەموو هەوڵەکان بۆ دەستەمۆکردن و رامکردن و ملکەچکردنی ژن لە ئارادان: بۆ ئەوەی لێنەدرێت و سزا نەدرێت و نەکوژرێت، کۆمەڵگە داوا دەکا کە ژن ملکەچی کۆد و نۆرمەکان بێت و لە رۆڵە پیاوسالارییەکەدا خۆی جێگیر بکات. واتە لەماڵ نەیەتە دەرەوە، کچێنی خۆی بپارێزێ، رازی بێت بە خەتەنەکردن و ژن بە ژنە و فرەژنی و بەشوودان لە تەمەنێکی بچوک، جلوبەرگێکی وا نەپۆشێت کە حەزی پیاو بوروژێنێ، لەگەڵ پیاو قسەنەکات و بەدەمیان پێنەکەنێ.

بەکورتی، لەم جۆرە کۆمەڵگەیەدا، بیر و جەستە و رەفتار و جووڵەی ژن بە فەرمانی زاڵی کۆمەڵگەی "پاسەوان" بەڕێوە دەچێت بەرەو ئاراستەیەک کە خودی ژن نامۆ دەکات بە سروشتی مرۆڤانەی خۆی. هەر جووڵە و رەفتارێک لە دەرەوەی ئەو نۆرمانە بێت، ناسروشتیە و ژنی لەسەر سزا دەدرێ.

گوتاری ژن بۆ گەیاندنی دەنگی شاراوە و کپکراو: گۆڕینی واقعی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە بێ پێگەییشتنی ژن و قووڵکردنەوەی تێگەییشتنی ژن بۆ دیاردە و شتەکان و داڕشتنی گوتارێکی مەوزوعی مەحالە. مەبەستمان لە گوتاری مەوزوعی تێگەییشتنێکە بەرەو زانینێک کە نەک هەر ئەزموونی ژن دەربڕێت، بەڵکو خوێندنەوە و لێکدانەوەی ژنان بۆ ئەو واقعە بگرێتە خۆی و گوزارەش لە کەسانی لە پەراوێزنراو و بێدەرەتان بکات، لە دەنگە کپکراو و شاراوەکان.

بە پێی ئامارێکی رێکخراوی مناڵپارێزانی بەریتانی کە لە کۆتایی نەوەدەکان ئامادەکراوە، زیاتر لە سەدا پەنجای ئافرەت لە کوردستانی عێراق نەخوێندەوارە. لە دەرەوەی ئەو رێژەیە، بەشێکی گەورەی ژنان تەنها دەتوانن بخوێننەوە و بنووسن. کاتێ ئەو رادده زۆرەی ژن نەخوێندەوار بوو ، واتە رێژەیەکی زۆری ژنان ناتوانێ بیر بکاتەوە، رابمێنێ و پرسیار بکات لە واقعی خۆی و گوزارە لەخۆی بکات. تا ئەو چینە لەناو ئەو پۆزیسیۆنەدا بێت، ناتوانێ بەرگری بکات و تەحەددای دەسەڵات بکات. ژنانی چالاک و بیرمەند دەبێ ببنە دەنگی ئەو ژنانە و دواتر هانییان بدەن بێنە گۆ و گوزارە لە ئەزموون و ژنبوونی خۆیان بکەن. قسەکردن و لێدوان تەنها بۆ ئازادکرنی ژن نیە لە باری قورسی خۆخواردنەوە و سەرزەنشتکردنی خود، بەڵکو بەرگریکردنە لە دژی ستراتیژییەتی بێدەنگکردن.

ستراتیژییەتی بێدەنگکردنی ژن زۆر بەهێزە لەناو کۆمەڵگەترادیسیۆنالەکان، واتە لەناو ئەو کۆمەڵگایانەی کە شەفافیەت نیە، کە کاری دزێو و نامرۆڤانە پەردەپۆشی بۆ دەکرێ، کە سێکس قەدەغە و تاوانە و هەمووش بیر لە سێکس دەکەنەوە و خەونی پێوە دەبینن و کردنیشی بە ناڕەوا دەزانن. ئەو بێدەنگکردنە زیاتر لە دژی ئەو ژنانە بەکاردەهێنرێت کە لەناو خێزانی خۆیان لە لایەن باوک و برا و پوورزا و ئامۆزاوە تەعەدای جنسیان لێدەکرێ و بە هەڕەشەی کوشتنیش دەتۆقێنرێن. ئەو ژنانە بێدەنگ دەکرێن و ناوێرن قسەبکەن لە ترسی "حەیاچوون" و "ریسوابوون"، هەروەها لەبەر ئەو هەڕەشە گەورەیەی کە لەناو خێزان لەسەریانە. کە کاتیش هاتە سەر ئەوەی کچەکە سکی پڕبوو و جەستە هاتە قسە، ئەوە دەیکوژن. ئەگەر پیاوانی خێزان یەکسەر نەیکوژن، ئەوە کۆمەڵگە فشار دەخاتە سەریان بۆ ئەنجامدانی کوشتنەکە. لە لایەکی تر، لەبەرئەوەی لە لای ئێمە ژن هەردەم گوێگر بووە و پیاویش گوتاربێژ و قسەکەر، لێدوانی ژن و دەنگ هەڵبڕینی ژن بەهەند وەرناگیرێ و بەرەورووی بەرهەڵستیی توندیش دەبێتەوە. ئەم تێگەییشتنە پێویستە لە گوتارێکدا رەنگبداتەوە کە ببێتە مەیدانی بەربەرەکانێی نێوان دەسەلاتدار و "قوربانی"، واتە بەربەرەکانێیەکی مەدەنی نێوان چەوسێنەر و بەرگریکار بە ئامانجی بنیاتنانی داهاتوویەکی مرۆڤانەتر.

بێدەنگی واتە برەودان بە تاوان: کوشتنی نامووسپەرستی یەکێکە لە توندترین فۆرمی توندوتیژی کە لە بەرامبەر ژن ئەنجام دەدرێت. ئەو تاوانە مێژوویەکی درێژی هەیە و هاوتا لەگەڵ ئەو مێژووەش بێدەنگیی کراوە لە بەرامبەر کوشتنەکە. قسەکردن لەسەر کوشتنی نامووسپەرستی نوێیە هەم لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردی و هەم لەسەر ئاستی دەرەوە. کاتێ من لە ساڵی 1995 لە کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ ژن لە پەکین بۆ یەکەم جار قسەم لەسەر کرد، خەڵکی بیانی مەسەلەکەیان بە

"پرایڤێت" و "کولتوری" دەبینی کە گوایە لە گفتوگۆیەکی نێودەوڵەتی جێگای نابێتەوە. لەناو رای گشتیی کوردیش ئەمە کارێکی "نادروست" و "بێشەرمانە" و "زەرەرمەند" بوو بۆ مەسەلەی نەتەوەیی کوردی. لە راستیدا بۆ ئەو دەوروبەرە کوردییە، کردەی کوشتنەکە کێشە نەبوو و تا ئێستاش کێشە نیە، بەڵکو هاتنەگۆ لە دژی ئەو تاوانە، واتە دارشتنی گوتارێکی بەرهەڵستکار بۆ ئاشکراکردنی ئەو تاوانانە کێشەبوو. تا ساڵانێکی زۆر، من و ئەوانەی کارمان لەسەر ئەم مەسەلانە دەکرد، بە "بێشەرم" و داکۆکیکاری ژنانی "بەدرەوشت" ناوزەد دەکراین. هەر ئەو هۆکارەش بوو کە وای لە هەردوو یەکێیتی ژنان و ئافرەتانی کوردستان دەکرد دژی ئەو تاوانانە نەیەنە گۆ و رێزی "عورف و عاداتی" کوردەواری بگرن. ئەمە ستراتیژییەتی دەسەڵات و کۆمەڵگەیە بۆ بێدەنگکردنی دەنگی جیا و بەرگریکار و برەو دەدات بە تاوان و فەسادیەکان.

ئامانج لە شکانی بێدەنگی: هاتنەگۆ و قسەکردن لەسەر توندوتیژییەکانی دژ بە ژن، دەبێ کۆمەڵی ئامانج بپێکێ: لەوانە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەبارەی رەهەندەکانی توندوتیژیی بۆ گواستنەوەی کێشەکە لە دەروونی تاکێکەوە کە بۆتە ئەو زەمینەیەی توندوتیژییەکانی لەسەر پیادەکراوە، بۆ ناو بواری کۆمەڵایەتی، کە بواری پیاوە و لە بنچینەدا بەرهەمهێنەری توندوتیژییەکانە. واتە رەفتاری پیاوان بخاتە ژێر پرسیار و لێکۆڵینەوە بۆ کەمکردنەوەی ئەو مەترسییانەی کە لە پیاودا کێشەن و بەسەر ژندا دەشکێنەوە. ئامانجی سەرەکی لەم کردەیە دەبێ بەهێزکردنی تاکی "قوربانی" بێت تا لە پۆزیسیۆنی "قوربانیبوون" رزگاربکرێت و لەگەڵ جەستە و واقعی ژنانەی خۆی ئاشت بکرێتەوە. ئامانجێکی دیکەی ئەم چالاکییە دەبێ ئەوە بێت کە لە رێگای گوتارەوە، واتە لە رێگای شکانی بێدەنگییەوە کە میکانیزمی خۆپاراستن لە لای ژن دروست دەکات، پەنجە بخرێتە سەر هۆکار و بکەری تاوانەکان و ئاشکراکردن و ناساندنیان بە کۆمەڵگە بە مەبەستی دابینکردنی دادوەری و وەستانی دیاردە دزێو و نارەواکان. ئەمانە کە لە رێگای تێگەییشتنێکی قووڵی واقعەوە دەکرێن، دادوەری دابین دەکەن، ژن بەهێز دەکەن و ئەندامانی کۆمەڵگە تەندروست دەکەن.

گوتاری بێ مساوەمە: گۆرینی واقعی ئافرەت، لە کوردستان، پێویستی بە گوتارێکی رادیکال هەیە کە مساوەمە نەکات لەسەر ماف و ئازادیی ژن. گوتاری فێمینستی دەبێ بەرگری لە ماف و ئازادیی ژن بکات لە بەکارهێنانی جەستە و سێکچوالیتیی خۆی. ئەو گوتارە نابێ ژن لەناو رۆلە پیاسالارییەکەیدا جێگیر بکات و ستراتیژییەتی بەرگری و خۆ پاراستن لەوەدا بێت کە رەفتار و جووڵەی ژن بەو شێوەیە ئاراستە بکات کە پیاو دەیەوێت. جێگیرکردنی ژن لەناو رۆلە پاتریارکیەکان، واتە شەرعیەتدان بە تاوان و دابران و گۆشەگیرکردنی زیاتری تاوانلێکراو. بەداخەوە ئەمە لە کاری رێکخراو و پەناگاکانی کوردستاندا رەنگی داوەتەوە؛ ژنانی لێدراو و سکپر لەدەرەوەی زەواج و ژێر هەرەشەی کوشتن لە لایەن رێکخراوەکانەوە بەکەم دەبینرێن، سەرزەنشت دەکرێن و داوایان لێدەکرێ بە رەفتاری خۆیاندا بچنەوە و گوێرایەڵی هاوسەر و باوک و برا بن. ئەمە بەشێکە لە ستراتیژییەتییان بۆ پاراستنی ژن و بەشێوەیەکی ناراستەوخۆش ئەوە دەگەیەنی کە ئەو ژنانەی تەعەددای جنسیان لێکراوە یا لەسەر پەیوەندیی خۆشەویستی هەرەشەی کوشتنیان لێدەکرێ هەڵەیان کردووە و بۆ ئەوەی نەکوژرێن دەبێ رام بکرێن و ملکەچی دەسەڵاتی پیاوسالاری بنەوە. کار و گوتاری سەر بەم تێگەییشتنە ستروکتوری پیاوسالاری بەهێزتر دەکات و لە بەرژەوەندیی بەهێزکردنی ژندا نیە. ئەمە جگە لەوەی کە ئەو ژنە "بێدەرەتان و قوربانییانەی" روو دەکەنە رێکخراوەکانی ژنان و پەناگاکان هەندێ جار بەکاردەهێنرێن و دەخرێنە ناو هاوکێشەیەکی دیکەی دەسەڵات، هاوکێشەی سەرداری و کۆیلایەتی (ئەزموونی

قوربانییەکانی ماڵی خانزاد لە هەولێر نمونەیەکی زیندووی ئەو پەیوەندییەن).

ئەنجام: کۆتایی سەدەی بیستەم لە کوردستانی عێراق، سەردەمی ئازارە گەورەکان و براکوژی و وێرانی بوو. کوردی ئەو بەشە لەناو وێرانی و تێکشکانەوە هاتە ناو سەدەی بیست و یەکەم. توندوتیژی و گەندەڵی و نادادوەری و نایەکسانی سیمای سەرەکی کۆمەڵگەی کوردە لەم سەردەمەدا. ژن باجی هەرە گەورەی ئەو مەینەتییانە دەدات؛ ژیان و جەستەی ژن بۆتە مەیدانی پیادەکردنی توندوتیژی و نادادوەری و فەساد کە بە پلەی یەکەم لە کوشتنی ژن و دیاردەی لەشفرۆشیدا رەنگیان داوەتەوە. لەم بارودۆخەدا هەڵسانەوە و خۆرێکخستن و بەرگریکردن ئاسان نیە. لەگەڵ ئەمەشدا ژنی کورد لە کوردستانی عێراق بەتەواوی پاسیڤ و دەستەمۆی ئەو واقعە نائینسانی و وێرانە نەبووە. ئەو توانیویەتی بەرگری بکات و بۆ بەرەورووبوونەوەی دەسەڵاتی پیاوسالاری خۆی رێکبخات؛ ژنان رۆلی گرنگیان بینیوە لە هۆشیارکردنەوەی رای گشتی لەمەر توندوتیژییەکانی ژەندەر و پاراستنی ئافرەتە "قوربانی و بێدەرەتانەکان"، بەڵام نەیانتوانیوە ببنە گروپێکی یەکگرتوو و دەسەڵاتدار کە بتوانێ فشار بخاتە سەر پیاو و چینی دەسەڵاتدار و گوتار و پەیڕەوی پاتریارکی بخاتە ژێر پرسیارەوە. لە کوردستان رەوتی دیسپلین و رامکردن و بێدەنگکردن و سزادان ئەوەندە بەهێزە، کە ئافرەتی کوردی ناچارکردووە لەزەمینەی پیاوسالاری و پەیوەندییە باوەکانی نێوان ژن و پیاودا رەفتار و چالاکی و گوتاری خۆی دابڕێژێ. زۆربەی رێکخراوەکانی ژنان لە کوردستان گوتار و رەفتاری پیاوسالارانە بەرهەم دێننەوە و مساوەمە دەکەن لەگەڵ فیکری زاڵی پیاوسالاری. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکە، گەندەڵی و نادادوەری و مەینەتییەکان بارودۆخێکی ترسناکیان دروستکردووە لە کوردستان کە بۆتە هۆی دروستبوونی ترس و گومان و دووروویی و بێبڕوایی لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگە بەگشتی. ئەم بارودۆخە گیانی هاوکاری و هاوسۆزی لەنێوان خەڵکدا کوشتووە؛ تاکەکان وزە و کاتێکی زۆر بە هەوڵدان بۆ تێکشکانی یەکتری سەرف دەکەن و سەرفرازی خۆیان لە رووخان و رۆچوونی یەکتردا دەدۆزنەوە نەک لە بنیاتنانەوە و بەهێزکردنی یەکتری. ئەمانە هەمووی ژن دادەماڵن لە وزە و دەسەڵات و دەستەمۆی نۆرمە پاتریارکییەکانی دەکەن کە لەناو ماڵ و بواری گشتی و مەدەنیدا زاڵە. لەم بارودۆخەدا ژن نەیتوانیوە ببێتە خاوەن گوتارێکی فێمینیستی بێلایەن و بێ مساوەمە بەرەو هەڵوەشانەوەی گوتار و ستروکتوری پیاوسالاری.

کۆتایی

---

1. بۆ نووسینی ئەم باسە، جگە لە کۆمەڵێ وتار لەمەڕ فێمینیزم و هەروەها چاوپێکەوتن لەگەڵ فەیلەسوفی فەڕەنسی میشێل فوکۆ، سوود لە کتێبی ئارکیۆلۆژیای زانین - ی فوکۆ وەرگیراوە:
Michel Foucault, L'Archéologie du savoir ,(Galimard, 1969)